پەروەردەی هەرێم: پشووکان نابنە هۆی فەوتانی هیچ تاقیکردنەوەیەک



ڕۆژکی ئەم هەفتەیە و ڕۆژکی دیکەش لە هەفتەی داهاتوو لە هەرێم پشووی فەرمیین و وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمیش لەو بارەیەوە ڕایگەیاند، پشووکان نابنە هۆی فەوتانی هیچ تاقیکردنەوەیەک و ڕۆژانی دوای پشووکان تاقیکردنەوەکان ئەنجام دەدرێن.

ئەمە دووشەممە ٧ـی نیسانی ٢٠٢٥، سامان سیوەیلی، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بە میدیای پارتی ئاماژەی بۆکرد، پشووکان نابنە هۆی فەوتانی هیچ تاقیکردنەوەیەک.

باسی لەوشکرد، پشووی ڕۆژانی چوارشەممەی ئەم هەفتەیە و چوارشەممەی هەفتەی داهاتوو نابێتە هۆی فەوتانی هیچ تاقیکردنەوەیەک و تاقیکردنەوەکان دەکەونە ڕۆژانی دوای پشووکان.

ئەوەش لە کاتێکدایە، بڕیاری خشتەی پشووکانی حکومەتی کاربەدەستی هەرێم بەبەندی ساڕۆژی ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ڕۆژی چوارشەممەی ئەم هەفتەیە و ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی داهاتوو بەبەندی سەری ساڵی ئەزدیەکان پشووی فەرمی دەبێت لەسەرجەم دامودەزگا حکومییەکانی هەرێم.